# هەرکەسێک بە ستەم بستێک زەوی داگیر بکات؛ ملی تەوق دەکرێت بە حەوت چینی ناخی زەویدا

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێک بە ستەم بستێک زەوی داگیر بکات؛ ملی تەوق دەکرێت بە حەوت چینی ناخی زەویدا».
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ماڵ وسامانی مرۆڤ لەسەر مرۆڤێکی تر حەرامە، ونابێت ماڵەکەی ببات وداگیری بکات مەگەر کەسەکە بە ویستی خۆی پێی بدات، ولە گەورەترین تاوانەکان داگیرکردنی زەوی خەڵکیە بە ستەم چونکە ئەم ماوەی دەستگرتن بەسەر زەویەکەدا زۆر دەخایەنێت. بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەواڵی داوە ئەوەی زۆر یان کەم ستەم بکات لە زەوی ئەوا ڕۆژی قیامەت سزایەکی سەختی بۆ هەیە، کە ملی درێژ وئەستوور دەبێت، وئەو زەویەی داگیری کردووە تەوق دەدرێت بە دەوری ملیدا وڕۆدەچێت بەرەو خوارەوە بە ناخی ئەو زەویانەدا، ئەمەش وەکو سزایەک بۆی بەرامبەر داگیرکردنی خاکی خەڵکی بە ستەم. بەڵام ئەم هەڕەشەیە بەکارهێنانی خاکە گشتیەکان ناگرێتەوە کە موڵکی هیچ کەسێک نیە وئەو کەسە نایکاتە موڵکی خۆی وداگیری ناکات، بۆ نمونە وەکو کڕین وفرۆشتن لەسەر ئەو خاکانەدا بە بێ ئەوەی ئازاری خەڵکی بدات، وهەروەها ئەو زەویانەی کە کەس خاوەنی نیە پێویستە حکومەت هانی خەڵکی بدات بۆ بوژاندنەوەیان وبە دادپەروەری حوکم لە نێوان خەڵکەکە بکات وبەسەریاندا دابەشی بکات وهەرکەسێک هەر پارچە زەویەکی مردوو ببوژێنێتەوە بە هەر جۆرێکی خزمەت بێت ئەوا ئەو شایستەترە کە ئەو خاکەی پێبدرێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5843